# ئەیدز و ئەدەبیات



**Kenneth j. urban**

**لەفارسییەوە: ئیسماعیل ئیمساعیل زادە**

لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتا بەملاوە، کاردانەوەیەکی هونەریی لە  هەمبەر قەیرانی ئەیدزدا دەستی پێکرد کە لە رۆژئاوا و دنیای  نارۆژئاواییدا بووە هۆی چەندین جۆر داهێنانی ئەدەبی. زۆربەی هەوڵە هونەرییەکانی ئەم دوایانە رەنگدانەوەی شێوە بگۆڕەکانی تێگەیشتنی ئێمە بووە لە پەیوەندیی سێکسی و ئاراستەی سێکسی، بەڵام لەم نێوەندەدا کاردانەوەیەکی ئەدەبیی تایبەت لە هەمبەر ئەیدز و دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی دا هاتۆتە ئاراوە. شایانی باسە کە ئافراندنی پێکهاتەیەکی یەکدەست لە ئەدەبیاتی رووە ئەیدز، کارێکی مەحاڵ و نەباشە و ئەم کاردانەوەیەش فرەجۆرە. لەم کورتە باسەدا بە خۆبواردن لە هێنانەئارای پێکهاتەیەکی ئەوتۆ، هەوڵ دەدرێ ئاماژە بە بەشێک لەو بەرهەمە رەخنەیی و ئەدەبییانە بکرێ کە پەرژاونەتە سەر ئەم نەخۆشیە و بەم پێیە لە هەمانکاتدا کە بە پەرێزەوە سەیری دەکرێ، چەشنێک گشتگیرکردنیش بەدی دێت.

لە رۆژئاوادا رووبەڕووبونەوەی ئەدەبیی لەگەڵ ئەیدز لە فۆرمی نڤیسارە چیرۆکی و ناچیرۆکییەکان (کورتە چیرۆک، رۆمان و شیعر)دا خۆی نواندووە، کەچی لە وڵاتانی نارۆژئاواییدا ئەم کاردانەوەیە پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ فۆرمە پراکتیکییەکانی پەیڤدا هەیە. ئەم کردەوانە لە بەرامبەر قەیرانی ئەیدزدا چ لە رۆژئاوا و چ لە دنیای نارۆژئاواییدا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ شانۆ و باقی ئامرازەکانی نیشاندەری مۆدێرن وەک سینەما و تەلەڤیزیۆن و رۆژنامە و گۆڤار و هەواڵنامە و لە هەمووشیان نوێتر هەواڵنێرییە ئێلێکترۆنییەکاندا هەیە.

لەم کورتە باسەدا سەرنجی ئێمە بێجگەلە درام رووەو نوسینە چیرۆکی و ناچیرۆکییەکانە، چونکە وردبوونەوە لە هەموو سۆنگەکانی ئەم باسە دەرفەتی زیاتر دەخوازێ. بەم حاڵە مەبەست لە سەرنجدانی تەواو بە بەرهەمی داهێنەرانەی نڤیساریدا ئەمە نییە کە نوسین گەلێکی ئەوتۆ بکەونە دەرەوەی ئەو گوتارانەی سەبارەت بە ئەیدزن کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە لێکۆڵینەوەی پزیشکی و راپۆرتی میدیایی لەمەڕ ئەم نەخۆشییە یان نڤیسارە کۆمەڵناسانە و ئاکادیمییەکانی چالاکانی سیاسی وەک سێندی پاتون و داگلاس کریمپ. ئەو نوسینانەی لێرەدا دەکەونە بەرباس پەیوەندیی حاشاهەڵنەگریان لەگەڵ ئەم چەشنە دەقانەدا هەیە، ئەگەرچی فیلمە تەلەڤیزیۆنییەکانی سەبارەت بە ئەیدز وەکو "دەسپێکی سەرما" یان دەفتەری رێنوێنییە سەرەتاییەکان سەبارەت بە" پەیوەندیی سێکسیی بێ خەسار" راستەوخۆ نەکەوتونەتە بەرباسی ئێمە، ئەم چەشنە رەنگدانەوەیەی ئەیدز، لایەنی هاوبەشی جۆراوجۆر لە گەڵ نڤیسارە چیرۆکی و ناچیرۆکییەکاندا دەۆزێتەوە. کاتێ باسی ئەدەبیاتێ دەکەین کە پەیوەندیی لەگەڵ ئەیدزدا هەیە ناتوانین لە خەسلەتی تێکهەڵکێشراویی گوتاری ئەیدز خافڵ بین.

لە وڵاتە رۆژئاواییەکاندا کۆمەڵەکانی پیاوانی نێر لەو کۆمەڵانە بوون کە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی قەیرانی ئەیدزدا زیاترین خەساریان لێکەوت. بەم پێیە زۆربەی بەرهەمە

چیرۆکی و ناچیرۆکییەکانی ئەم ئەدەبیاتە لە لایەن نوسەرانی پیاوی نێربازەوە نوسراون کە زۆربەشیان توشی ئەیدز یان هەڵگری ڤایروسی ئەیدز بوون. بەم حاڵە هەر بەو جۆرەی جودیت لاورێنس پاستۆر (١٩٩٣) ئاماژەی پێدەکا:

> ئەگەر پێمان وابێ کە ئەدەبیاتی پەیوەندیدار بە پرسی ئەیدز تەنیا لە لایەن پیاوانی نێربازەوە دەنوسرێ، هەڵەمان کردووە. بۆ نمونە یەکێک لە یەکەم چیرۆکەکان کە سەبارەت بە ئەیدز نوسراوەو لە بەرهەمە سەرەکییەکانی ئەم بوارە لەقەڵەم دەدرێ کورتە چیرۆکی سوزان سانتاک (١٩٨٦)ە بە نێوی " بەو جۆرەی کە ئێستا دەژین". نڤیسارە ناچیرۆکییەکان کە لە یەکەم نوسینەکانی ئەم بوارەن بیرەوەرییە نوسراوەکانی دایکانێکن کە کوڕەکانیان بە هۆی توشبوون بەم نەخۆشییە لەدەست چوون یان ئەو ژنانەی مێردەکانیان بە هۆی توشبوون بەم نەخۆشییە مردوون.

لەم ساڵانەی دواییدا بەشێکی زۆر لەو نوسینانەی سەبارەت بە ئەیدزن و خوێنەری سادەپەسند دەیانخوازێ، بە دیدێکی تەواو هۆموسیکسوالیتێوە نوسراون. نوسەرانێکی وەک دەیڤید فینبێرگ، سارا شولمان و هەروەها نوسەرانێکی گەنجتر کە لە کتێبی هاوبەشدا نوسینەکانیان بڵاو کردۆتەوە، بە راستگۆیی و بە هێزەوە پەرژاونەتە سەر پرسی ئەیدز و لە سەردەمای پەرەسەندنی ئەم نەخۆشییەدا بابەت گەلێکی گرینگیان سەبارەت بە سێکس و جێندەر بڵاو کردۆتەوە. ئەم بیرۆکەیە کە ئەیدز لە بنەڕەتدا نەخۆشییەکی هۆمۆسێکسوالە، بەشێک لە نوسەرانی پیاوی نێربازی تازە دەرکەوتووی وەک پیتێر کامیرونی والێکردووە خۆ لەم باسە ببوێرن بەڵام، غیابی ئەیدز لە بەشێک لە چیرۆکە هۆموسێکسوالەکانی ئەم دوایانەدا ئاماژە بە بێهەڵوێستی لە سەر ئەم پرسە ناکەن. بەشێک لە رەخنەگران پێیان وایە کە غیابێکی لەم جۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی هەتا هۆموسیکسوالەکانی تر وەکو کەسانێکی بەر هەڕەشە، فەرامۆش بکرێن.

غیابێکی لەم جۆرە بە پشتبەستن بەم خاڵە کە گشت ئاکارەکان ئاکارگەلێکن بە "مەترسی گەورە"ەوە، دەبنە لەمپەر لە سەر رێی بەپەڕاوێزکردنی هۆموسێکسوال. سەرەڕای ئەوە تاقمێکی دیکە لە رەخنەگران پێیان وایە کە وەلانانی هەموو ئەو باسانەی لە سەر ئەیدزن لەئاکامدا دەبنە هۆی لاوازیی بەرهەم، چونکە بەرهەمێکی لەم جۆرە ناتوانێ دەربڕی هەموو لایەنەکانی ژیانی هۆموسیکسوالیی ئەمڕۆژین بێت. بەم حاڵە ئەیدز بە ناچاریی شێوازی نوسین و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی هۆموسێکسوالانە و گشت ئەدەبیاتی گۆڕیوە. بە پێی پۆلینکردنی ژانریی، ئەو ئەدەبەی پەرژاوەتە سەر ئەیدز بە ئەدەبی قەیران دەناسرێ، ئەمیش زاراوەیەکە کە لە بەرهەمگەلێکی سەردەمی قەیرانی مێژوویی رێچکە دەبەستێ، وەکو نوسینی ئەو جولەکانەی لە ماوەی قۆناغی پاکتاوکردنی رەگەزیی نازییەکان و هەرەها نوسینە ئەفریقایی – ئەمریکییەکان لە سەردەمای کۆیلەییدا بەدیهاتوون. هەر بۆیە ئیمانویل ئیس نێسۆن (١٩٩٢) هەوڵ دەدا لە بەرامبەر ئەم چەشنە بەراوردکردنانەدا خۆڕاگری بکا و جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە لەنێو باقی ئەو بەرهەمانەی لە ماوەی قەیرانە مێژووییەکاندا نووسراون، " فۆرمی هاوشێوە، نزیکایەتیی ئایدیالۆژیک و گەلێ پەیوەندیی دەروونیی بەدی دەکرێن. بەڵام ئەدەبیاتی ئەیدز ئەدەبیاتێکی تاکانەیە". ئەیدز و رەنگدانەوە دەقییەکانی، لە خانەیەک لە گوتاری پزیشکی

و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی تەواوکەری یەکتردا شکڵ دەگرن کە بە گشتی لەگەڵ بە پەڕاوێزبووەکاندا (بەرلە هەموییان هۆموسیکسوال، گیرۆدەبوو بە دەرزی مادەی بێهۆشکەر و سکس باز) پەیوەندییان هەیە. ئەم شوێنە پەڕاوێزییە وەکو پرسێک سەردێڕی "ئەدەبیاتی قەیران" لە سەر ئەم پێکهاتە ئەدەبییە تۆخ دەکاتەوە.

ئەم ناڕونییە لە پۆلینکردندا دەبێتە هۆی سازبوونی کێشە لە دانانی ئەم چەشنە نڤیسارانە لەناو ژانرێکی ئەدەبیدا. بەشێک لەو وتارانەی لە کتێبی نێلسۆن دا هاتوون دەپەرژێنە سەر هەر ئەم ژانرە. لورێل باردزلی رۆمانی سەدەی حەڤدەیەمی دێنیل دیفۆ لە ژێر سەردێڕی "بیرەوەرییەکانی ساڵی تاعون" بە نمونەیەکی بەرچاو بۆ بەرهەمە ناچیرۆکییەکانی ئەم دوایانە وەکو "گروپی ئۆرکێسترا" (١٩٨٧) بەرهەمی رێندی شیلتس و "زەمانی بە قەرز وەرگیراو" (١٩٨٨) بەرهەمی پەول مانت، دادەنێ. کەچی گریگۆری ڤودز گشت ئەو شیعرانەی لە ئەیدز دەدوێن دەباتەوە سەر نەریتی بەرفرەتری شینگێڕیی لە شیعری ئینگلیزیدا. بەم حاڵە رەخنەگرانێکی وەک جۆزێف دیویی پێیان وایە کە هاتنەگۆڕێی نمونەگەلێکی نەگۆڕ بۆ ئەدەبیاتەکانی ئەیدز کێشەساز دەبێ، چونکە ژانرگەلێکی وەکو ئەدەبیاتی تاعون یان شینگێڕییەکان لە رووی زەمانییەوە هیچ نزیکییەکان لەگەڵ راستەقینەی پۆست مۆدێرنی ئەیدزدا نییە و نەیانتوانیوە رۆحی خۆڕاگریی چالاکانەی زیندوو لە نوسراوگەلێکی ئەوتۆدا وەخۆبگرن. رابێرت فرانک (١٩٩٣) پێی وایە کە داڕشتی نڤیسارە چیرۆکی و ناچیرۆکیەکانی پەیوەندیدار بە ئەیدز دەربڕی فۆڕمی ژانرێکی نوێن، ژانرێک کە ناکامیی زانستی مۆدێرن لە پەسندکردنی راستەقینە ئاڵۆزەکانی ئەزموونی مرۆڤی پشتڕاست دەکاتەوە.

باسوخواس گەلێکی زۆریش سەبارەت بە تیۆرە سیاسیە پێویستەکانی نێو ئەدەبیات هاتونەتە ئاراوە. پاستۆر پێی وایە کە "ئەیدزی ئەدەبی" دەبێ بەدوای مەبەسەتە راهێنەرە روونەکانی دابگەڕێ، ئەویش " لە رێی سڕینەوەی دڵەڕاوکێ بێهۆکان " و زاڵبوون بە سەر homophobia دا. ئەم چەشنە مەبەستە سیاسیکراوانە لە راستیدا مەبەستگەلێکی رەخنەیی بوون و لە زۆربەی نڤیسارەکانی پەیوەندیدار بە ئەیدز سەرنجیان پێدراوە و بەگشتی لە بڕوا بەچالاکیی سیاسی رێچکە دەبەستن کە بۆتە کەڵکەڵەی زۆربەی نوسەران. بەم حاڵە ئەم چەشنە تێڕوانینەی بە ئەدەبیاتی ئەیدزەوە بەرتەسک کراوەتەوە کارکردی چەند لایەنی نوسینگەلێکی ئەوتۆ وەبەرچاو ناگرێ، تەنیا سەرنج بە ئاستێکی سیاسی و فێرکاریی دەدا و ئەگەر ئەزمونەکان لەم خانەیەدا لە رووی سیاسییەوە بە نەباش بزانین ئەو کات ئەو بابەتە جوانیناسانەی کە نوسەرانی ئەم دوایانە ئاراستەی دەکەن دەکەونە ناو ئەو بازنە بێ بایەخەوە. ئەم چەشنە بابەتانە و پرسەکانی پەیوەندیدار بەوان وەکو ئەوەکە ئایا نوسینەکانی پەیوەندیدار بە ئەیدز دەتوانن لە خوێنەرانی خۆیاندا هەستی هاوخەمی و درککردنی ئەم نەخۆشە رۆبنێن یان نا، هەروەها پرس و بابەتگەلێکی زۆر جێی باسوخواس دەردەخەن.

پانتای کاردانەوە ئەدەبییەکان لە هەمبەر ئەیدزدا سەرنجی گشت لایەنە بۆ سەر ئەم پرسە دژوار دەکا، لەم رووەوەیە کە لەم کورتە چاوپێداخشاندنەوەیەدا بە ناچاری، باقی بابەتە رەخنەیی و بەشدارییەکانی نوسەرانی دیار لەم پرسەدا وەبەرچاو نەگیراوە. ئەدەبیاتەکانی سەبارەت بە ئەیدز کەم تا زۆر لە گشت شوێنێ ئامادەن و هەروەها دەستنیشانیش ناکرێن. لەم باسەدا بەپشت بەستن بە لایەنێک لەم کاردانەوەیە دەرفەتێک بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ باقی ئەو خانانەدا نییە کە لە بەرامبەر ئەیدزدا خۆیان دەرخستووە. بەم حاڵە هەر لێکۆڵینەوەیەک بیەوێ بە تێگەیشتنێک لە نڤیسارەکانی پەیوەندیدار بگات دەبێ کاریگەریی راگەیاندن و بوارە پزیشکییەکان لە درکی ئێمە سەبارەت بەم نەخۆشیە بە فەرمی بناسێت. نوسین سەبارەت بە ئەیدز نڤیسارێکە لەولاوەی نڤیسارێکی نێوان دەقییەوە. ئەم نڤیسارە دیاردەیەکە کە دەگەڕێتەوە سەر کولتورێکی جێگیر لە

مەیدانی تەواوکەر کە گوتارەکان ئاراستەی دەکەن و تەنیا شوێنێک نییە بۆ خوێندنەوەی ئاکادیمیک بەڵکو، بابەتێکە پەیوەندیدار بە مەرگ و ژیان.

ژێدەر:
فرهنگ اندیشه‌های انتقادی
از روشنگری تا پست مدرنیته / مایکل پین
مترجم: پیام یزدانجو / چاپ سوم / ۱۳۸۳ – نشر مرکز – تهران

پەراوێز:
* هوموفۆبیا homophobia
بێزاریی خەسارناسانە لە ژنان و پیاوان
* homosexual
سیاسەتی هۆمۆسێکسوالەکان ئەوەیە کە، وەک یەکێک لە مەبەستە سەرەکیەکانی هێرشی خۆیان سەیری هۆمۆفۆبیا دەکەن. بنەماکانی ئەم بێزارییە رەنگە لە تێگەیشتنە کولتوورییە زاڵەکان لە سەر جێندەر بەتایبەتی پیاوبوون دابێ. مەیل بەرەو هاوڕەگەز دەتوانێ هەڕەشە بێ لە سەر دامەزراوەکانی دەسەڵات وەکو بنەماڵە و دەوڵەت، ئەو دامەزراوانەی کە مەیل بۆ رەگەزی تر لە بەرامبەر دیاردەی کولتووریی مەیل بۆ هاوڕەگەز، بە مەیلێکی سروشتی لەقەڵەم دەدەن / جۆزێف بریستۆ

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە ٣ی دوو هەفتەنامەی (رۆژهەڵات) چاپی تاران بڵاو بوتەوە.